www.kurdistannet.org
27-2-2006 11:59بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## بژی ئازادی رادەربرین ... كومیتەی دەرەوەی یەكێتی كۆمونیستەكان لە عیراق

ئازادی رادەربرین و سیاسی یەكیكە لە بنەماكانی كومەلگای مەدەنی و دیموكراسی، هەر هێز و دەسەلاتیك هێرش بكاتەسەر ئازادی ئەوا بەكردەوە دەیەویت كومەلگا بگەرێنیتەوە بۆ سەدەكان كۆن.
لە كوردستان دا دەسەلاتدارانی كوردی تبلیغ دەكەن بۆ دامەراندی كۆمەلگای دیموكراسی، وە بە شان و بالی ئەو ئازادی و دیمكراسیە هەل دەدەن كە لە ژێر دەسەلاتی ئەوان هەیە لە كوردستان دا. ئەوەی نییە لە كوردستان دا ئازادی رادەربرینە، خەلكی كوردستان مافی ئەوەیان نییە كە بە ئازادی بنووسن و رەخنەبگرن لە هەموو بابەتیك. ئەوەی جاودیری وەزعی سیاسی كوردستان بێت دەبینێت كە ئەو پروپاگەندانەی دەسەلاتداران هیج بوونی نییە لە واقیع دا.
ئەمرۆ نووسەری كتێبی (سیكس، شەرع و ژن لە ئیسلام) دا مەریوان هەلەبجەیی لە سەر نووسینی ئەم كتێبەی بە ئاشكرا هەرەشەی كوشتنی لێ دەكرێت لەلایەن هێزە ئیسلامیەكانەوە، وە وەزیری ئەوقافی ئیدارەی سلیمانی شكات لە نووسەر دەكات. رادیوەكانی تاقمە ئیسلامیەكان هێرش دەكەنە سەر مەریوان و سەر ئازادی جۆرەها ووشەی ناشرین بلاودەكەنەوە. لەم لاوەشەوە ئیداری سلیمانی بێدەنگی هەل بژاردووە بەرامبەر بەو هەموو هێرشەی دەكریتە سەر ئازادی وە بە عملی رێگا خۆش دەكات بۆ ئیسلامیەكان هەرەشە لە خەلك بكەن.
دەسەلاتدارانی كوردی لەسەریانە ژیانی خەلك بپاریزن لە هەموو هەرەشەیك كە دەكریتە سەریان. وە دەبێت ئەو كەس و لایانانە سزابدرین كە هەرەشە و فتوای كوشتنی خەلك دەردەكەن و فتوا دەركردن قەدەغە بكریت.
ئێمە نارەزایەتی خۆمان دەردەبرین بەرامبەر ئەو هێرشەی دەكریتە سەر ئازادی و مەریوان هەلەبجەیی وە رایدەگەینین كە حكوومەتی هەریم بەرپرسە لە پاراستنی ژیانی مەریوانە.
تەنها رێگا بۆ بەرگرتن لەو هێرشانەی دەكریتەی سەر ئازادی رادەربرین تەنها رێكخراوبوونی ئینسانی ئازادیخوازە لە دەوری یەكتر. كار بۆ ئەوە بكرێت كە لە دەرەوە و ناوەوەی وولات كومیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و رادەبرین پێكبهێنریت.
بژی ئازادی سیاسی و رادەربرین

كومیتەی دەرەوەی یەكێتی كۆمونیستەكان لە عیراق
Feb2006